گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(2).Paper3
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 02-04-2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 18-07-2023
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29-04-2025

# سیاسەتی حکومەتی هەرێم لە بواری گرنگیدان بە سامانی ئاژەڵ لە پارێزگای هەولێر 2003-1991

**هۆگر حسن پیرداود[١] - اسماعیل محمد حصاف[٢]**
ismail.hassaf@su.edu.krd - hogir.pirdawood@su.edu.krd
[١+٢] بەشی مێژو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستانی، عێراق.

**پوختە**

سامانی ئاژەڵی کەرتێکی گرینگی ئابورییە و ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دەرخستنی ڕادەی گەشەکردنی ئابوری هەر وڵات و ناوچەیەك. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدا بۆ خستنەڕوی ڕەوشی سامانی ئاژەڵ لە پارێزگای هەولێر لە نێوان ساڵانی (1991-2003) و هۆکارە کاریگەرەکانی سەر ئەو سامانە ئابورییە. لە توێژینەوەکەدا هەوڵدراوە شرۆڤەی ئەو داتا و زانیاریانە بکرێ، کە لە ئامار و ڕاپۆرتە بڵاونەکراوە حکومییەکاندا هاتون بۆ دەرخستنی باری ئاژەڵداری ناوچەکە. چەند هۆکارێك کاریگەری کردۆتە سەر بەروبومی ئاژەڵی لە ناوچەکە، هەر لە بونی لەوەڕگای فراوان و دەستی کار و هۆکاری سیاسی و گەمارۆی ئابوری و جەنگی ناوخۆ و بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراك. لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991، زۆرینەی کێڵگەکانی پەلەوەر لە کارکەوتن، بەڵام دوای جێبەجێکردنی بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراك لە ساڵی 1996 و باشبونی توانای ئابوری حکومەتی هەرێم و دابینکردنی پێداویستیەکانی ئاژەڵداری، کێڵگەکانی پەلەوەر بوژاونەتەوە بە هۆیەوە نرخی گۆشت دابەزیوە، هەروەها ژمارەیەك پرۆژەی مانگای شیر و بەخێوکردنی گۆلك و پەروەردەکردنی ماسی کراونەتەوە، سەرەڕای گرینگیدان بە هەنگداری لەڕێگەی دابینکردنی پێداویستیەکانی. بەمەش ژمارەی ئاژەڵ بەرەبەرە زیاتر بوە لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا.

**کلیلە وشەکان:** ئاژەڵداری، گەمارۆی ئابوری، پارێزگای هەولێر، پەلەوەر.

# Commercial activity in Erbil city 1991-2003

**Hogir Hassan Pirdawood[1] - Ismail Mohammad Hassaf[2]**

[1+2] History Department, College of Arts, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract

This study attempts to investigate the livestock in the Erbil governorate between 1991 and 2003. Some factors have an impact on livestock. The studies examine the data and information which collected by the government to show the circumstances of livestock. There are many factors impacting on the circumstances of livestock, Including pasture, workforce, political causes, economic blockade, civil war, and the oil for food program.

Following the 1991 uprising, the majority of poultry farms closed, but by providing what they needed after the oil for food program, they restarted production, causing meat prices to fall. A number of new projects, such as dairy cattle, fish farming, and beekeeping, were also established, leading to a gradual increase in the number of animals during the research.

**Keywords**: Erbil City, Bazar, Commercial Relation, Price, Economic Blockades.

## پێشەكی:

سامانی ئاژەڵی بە كەرتێكی گرینگی گرینگی ئابوری وڵاتان دادەنرێت، بەشداری دەكات لە دابینكردنی كەرستەی خاو بۆ پیشەسازی، كاڵای خۆراكی بۆ ئادەمیزاد و جموجوڵی بازرگانی نێوخۆیی و دەرەكی. ئاژەڵداری بە یەكێ لە پیشە گرینگەكان دادەنرێت لە ناوچەكە و سەرچاوەی خۆراك و بژێوی بەشێكی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر بوە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) و دروستبونی حكومەتی هەرێم، لە دوای جێبەجێكردنی بڕیاری نەوت بەرامبەر بەخۆراك، كێڵگەكانی پەلەوەر بوژانەوەیەكی خێرای بەخۆیەوە بینیوە و ژمارەیەك پرۆژەی تازە بۆ بەخێوكردنی مانگای شیر و بەخێوكردنی گوڵك بە مەبەستی گۆشت و بەخێوكردنی ماسی لە پارێزگاكە دامەزرێنراوە.

گرینگی لێكۆڵینەوەكە، وێڕای پێویستیەكی مێژویی و نەبونی لێكۆڵینەوەی تایبەت بەو ماوەیە، بەتایبەتی لە بواری ئابوری، كاریگەری سامانی ئاژەڵی وەك كەرتێكی سەرەكی ئابوری لە پارێزگای هەولێر، ڕۆڵێكی سەرەكی هەبوە لە كەم كردنەوەی كاریگەری هەردو گەمارۆی ئابوری كۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە سەر عێراق و گەمارۆی ئابوری حكومەتی ناوەندی لە سەر هەرێمی كوردستان و پارێزگای هەولێر و دابینكردنی خۆراك و پێداویستی دانیشتوان لە نێوان (1991-2003)، ئەوەش پێوستی بە لێكۆڵینەوە و بەدواداچون هەیە. سنوری لێكۆڵینەوەكە پارێزگای هەولێرە، كە پێكهاتبو لە قەزاكانی ناوەندی هەولێر، شەقڵاوە، سۆران، چۆمان، مێرگەسۆر و كۆیە، توێژینەوەكە بە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی(1991) دەستپێدەكات و بە ڕوخانی حكومەتی عێراق لە (2003/4/9) كۆتاییدێت.

توێژینەوەکە هەوڵی داوە بە شێوەیەکی زانستی ڕەوشی ئاژەڵداری بخاتەڕو لە پارێزگای هەولێر لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەو زانیاری و داتا و بەڵگەنامانەی کە هەیە، سود لە زۆرترین سەرچاوە وەربگرێت، هەندێك لەو بەڵگەنامانە بۆ یەکەمجارە بەکاربهێنرێت، ئەمەش بایەخی توێژینەوەکە زیاتر دەکات، وەك ڕاپۆرتی ساڵەکانی (2000، 2001، 2002، 2003)ی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێم، و نوسراوە فەرمییەکانی حکومەت وەك بڕیاری قەدەغەکردنی بردنە دەرەوەی ئاژەڵ، هەروەها چاپکراوە حکومیەکان لە وانە، ڕۆژمێری کشتوکاڵ لە ساڵی (2000). سەرەڕایی بەکارهێنانی ژمارەکانی گۆڤاری کشتوکاڵ، کە وەزارەتی کشتوکاڵ دەریدەکرد، لەگەڵ چەندین سەرچاوەی دیکە.

توێژینەوەکە لە پێشەکی و چوار تەوەر پێکهاتوە. لە تەوری یەکەم باس لە ڕەوشی مەڕ و ماڵات و ژمارەی ئاژەڵ و کاریگەری هەنگاوەکانی حکومەت و بڕیاری نەوت بەرامبەر بەخۆراك بەسەر ئاژەڵداری و گرفتەکانی دەخاتەڕو. هەرچی تەوەری دووەمە تایبەتە بە بەخێوکردنی پەلەوەر و کێڵگە پەلەوەرییەکانی پارێزگاکە و هۆکارەکانی بوژانەوەی پڕۆژە پەلەوەریەکان و بەرهەمیان دەخاتە بەرباس. لە تەوەری سێیەمیش باری هەنگداری، ڕێژەی هەنگەوان و ژمارەی پورە هەنگەکان تیشکی خراوەتەسەر، تەوەری چوارەمیش سامانی ماسی و ژمارەی کێڵگەکانی پەروەردەکردنی ماسی و دامەزراندنیان لە پارێزگای هەولێر لەخۆدەگرێت.

## تەوەری یەکەم: مەڕوماڵات

سامانی ئاژەڵ بەشێکی گرینگی کەرتی کشتوکاڵیە، چونکە وێڕای دەستەبەرکردنی خۆراك بۆ دانیشتوان، کەرەستەی خاو بۆ زۆرێك لە پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان دابین دەکات و سەرچاوەیەکی سەرەکی داهاتی دانیشتوانە و ژیانیان پێوەی بەندە (عثمان، 2019، 121). بەخێوکردنی مەڕوماڵات و ڕەشەولاغ ڕۆڵێکی گرینگی بینیوە، لە دابینکردنی گۆشت و شیر و خوری هتد (پرۆفایلی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 2017، 21). ئەم سامانە پربایەخە یەکێ لە بنەما هەرە گرنگەکانی ئابوری هەولێر و هەرێمی کوردستان بوە. باری جوگرافی و لەباربونی ئاو و هەواو کوێستانی دڵرفێنی وایکردوە زۆربەی هەرە زۆری گوندنشینەکانی ناوچەکە مەڕوماڵات بەخێوبکەن و، بوە بە سەرچاوەی داهات لە لایەك و زۆربونی بەروبومی ئاژەڵی بۆ بازرگانیکردن لە لایەکی دیکەوە (ئازاد، 2001، 21). بونی ڕوبەری پاوان و دارستان سەرچاوەیەکی بەردەوام بوە بۆ ئەم سامانە و یارمەتی کەم کردنەوەی تێچوی بەخێوکردنی ئاژەڵی داوە، بە هۆیەوە ژمارەیەکی بەرچاو ئاژەڵ هەبوە لە پارێزگاکە بۆ زیادکردنی بەرهەم (برایەتی، ژ2017، 1994، 5). بەپێی ڕوپێوی ڕێکخراوی فاو لە ساڵی (1999-2000)، ڕوبەری پاوانی سروشتی (1403999) دۆنم و ڕوبەری پاوانی دەستکرد (11311) دۆنم بوە (بۆتانی، 2007، 8). ئەمەش ڕوبەرێکی بەرفراوان بوە.

ئاژەڵی گچکەی وەك مەڕ و بزن و ڕەشە وڵاغ وەك مانگا و گامێش و ئاژەڵی باربەر وەکو کەر و ئەسپ و بارگین بەخێو کراوە. گرینگی زۆر بە بەخێوکردنی مەڕ و بزن دراوە. مەڕ سەرچاوەی کەرەستەی خاوی کارگە پیشەسازییەکانە و سەرچاوەی بنەڕەتی دابینکردنی خۆراك لە گۆشت و شیر بۆ مرۆڤ و لەڕوی بازرگانیش گرینگە، چونکە ئاسانە بەخێوکردنی و هەرسەرمایەکی تێدا بەکاربێت ئەنجامی بە خێرایی دەردەکەوێت (بەرزنجی و عەبدولخالیق، 2001، 70). مەڕی کوردی چەند جۆرێکی هەبوە وەك (حەمدانی، کویسار، سەرڕەش و کەرە..هتد) (خدر، 2002، 20). دەشتاییەکان گونجاوتربون بۆ لەوەڕاندنی مەڕ، لە کاتێکدا بزنیش بۆ ناوچە شاخاویەکان (کوردستانی نوێ، ژ4، 29/کانونی یەکەم/1992، 5)، بزن لە ژینگەی ڕوتەن و بێ سەوزایی و ئاو خۆی دەگونجێنێ، لە قەدپاڵ و کەژ و کێو و دەشت و دۆڵیش دەژی (خدر، 2007، 61).

لە دەشت و گوندەکان ئاژەڵ بەخێو دەکرا، یەکێك لە شێوازەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ، ئاژەڵدارەکان مەڕوماڵاتیان دەبردە ئەو ناوچانەی لەوەڕگای تێدا زۆرە وەك ناوچە شاخاویەکان لە وەرزی هاویندا، لە زسانیش بۆ ناوچە دەشتاییەکان دەگەڕانەوە (پرۆفایلی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 2017، 21؛ پرۆفایلی وەزارەتی کشتوکاڵ، 2007، 23). شوانی کورد لە پێناوی لەوەڕاندنی ڕانە مەڕەکەی ڕەنجێکی زۆری دەکێشا، لە دەشت و دەر مەڕی دەلەوەڕاند (خدر، 2002، 21). دیاردەی بە خێوکردنی مەڕوماڵات لە ناو گەڕەك و شەقامەکانی نێو شاری هەولێریش هەبوە، (ئێوارە گولان، ژ 88، 1998/3/8).

حکومەتی هەرێم لە پێناوی بوژانەوە و پاراستنی سامانی ئاژەڵی و زیادکردنی بەرهەم، لە ساڵی (1992)، بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و بەیتەرەی دامەزراند (کۆنفرانسەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ 2007، 2008، 16)، سەرەڕایی بونی بەڕێوەبەرایەتی سامان و تەندروستی ئاژەڵی هەولێر (برایەتی، ژ1867، 1994/2/7، 5). هەروەها بڕیاریدا بە هیچ شێوەیەك ڕێگانەدریت مەڕوماڵات بچێتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان (زانیاری، ژ285، لە 1993/6/24)، تەنانەت بردنە دەرەوەی مەڕوماڵات بۆ دەرەوەی شاری هەولێریش قەدەغەکرا (مەڕوماڵات، ژ941، لە 1993/2/16). بە هۆی سنورداربونی توانای حکومەتی هەرێم، لە دوای ڕاپەڕین لە نێوان ساڵانی (1992- 1996) زیاتر بە هاوکاری ڕێکخراوە خێرخوازییە نێودەوڵەتییەکان گرینگیان بە سامانی ئاژەڵی دەدا و خزمەتگوزاری وەك کوتانی ئاژەڵەکانیان لە پارێزگاکە پێشکەش دەکرد (ابراهیم، 2021، دیدار) لەوانە ڕێکخراوی (ئێچ دی ای ئێچ-هۆلەندی) و خاچی سور (شیخ محمد، 2021، دیدار)، و ڕێکخراوی نۆژدارانی باکوری ڕۆژئاوای جیهانی، هەڵمەتی کوتانی ئاژەڵیان ئەنجام دەدا دژی نەخۆشییەکان، لەوانە لەرزك (برایەتی، ژ1676، 1993)، کە نەخۆشییەکی میکرۆبی بو بەهۆیەوە مەڕ و بزن توشی لەرز دەبو (ابراهیم، 2021، دیدار)، هەروەها دەردەگا و تەبەق دو نەخۆشی فایرۆسی بون (برایەتی، ژ1676، 1993). ئەوەش بە ڕونی دیارە کوتانی ئاژەڵ لە ئاستی پێداویستی ناوچەکە نەبوە چونکە پەرەپیدانی ئەم سامانە پێویستی بە پلانی حکومەت و بەدواداچونی هەیە تەنیا لە چارەسەرکردن خۆی نابینێتەوە، پێداویستی گرینگی وەك ئالیك دابین نەکراوە کە سەرچاوەی سەرەکییە بۆ پەرەپێدانی بەروبومی مەڕو ماڵات، لە پاڵ پێداویستی دیکە.

دوای ساڵی (1996) قۆناغیکی تازە لە بواری سامانی ئاژەڵی لە پارێزگاکە دەستێدەکات، ئەویش لە دوای جێبەجێکردنی بڕیاری (986)، ناسراو بە بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراك، حکومەت گرینگی زۆری بە سامانی ئاژەڵیدا، هەر لە کردنەوەی بنکەی تەندروستی، لەوانە کردنەوەی دو بەیتالخانە لە هەردو شارۆچکەی سەلاحەددین و شەقڵاوە لە ساڵی (1997)، بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و چارەسەرکردنی ئاژەڵ (برایەتی، ژ 2413، 1997). کوتانی ئاژەڵ لە دژی نەخۆشی، بۆنمونە لە ماوەی مانگێك (80000) ڕەشە وڵاغ کوترا لە دژی نەخۆشی دەردەگا. دەرمان و پێکوتەکانیش لەلایەن ڕێکخراوی فاو دەبیندەکرا (چالاکییەکانی وەزارەت، 1997، 4). هەروەها چاکردنی دەستکردی مانگا، بۆیەکەمین جار لە دوای ڕاپەڕین لەژێر بڕیاری (986) لە (1999/5/23) لە هەولێر دەستپێکردوە تیمەکانی چاکردن بەبەردەوامی لە گوند و قەزا و ناحییەکانی دەوروبەر و ناوشاری هەولێر و ناوچەکانی تر کاریاندەکرد و کۆر و سیمینار دەربارەی چاکردنی دەستکرد سازدەکرد بۆ ئاژەڵداران. بۆنمونە لە (1999/5/23 تا 2001/6/23)، (20983) مانگا چاکراوە (ئازاد، 2001، 68). هەروەها حکومەت هەڵدەستا بەهێنانی پسپۆڕ لە دەرەوە بۆ گەیاندنی زانیاری لە ڕێگەی کۆڕ و سیمیناریان لەوانە لە (1998/7/9)، هێنانی دو پسپۆڕ کە سەر بە ڕێکخراوی فاوبون بۆ پێشکەشکردنی کۆڕێك دەربارەی نەخۆشییە کوشندەکانی ئاژەڵ (چالاکییەکانی وەزارەت، ژ 4، 1998، 4).

هەنگاوێکی دیکەی حکومەت بەمەبەستی زیادکردن و گەشەپێدانی سامانی ئاژەڵ و مەڕوماڵات، لە ڕێگەی پاوان و لەوەڕگا کە دەورێکی سەرەکی هەیە و سەرچاوەی سەرەکی خۆراکی ئاژەڵە، وەزارەتی کشتوکاڵ لە ساڵی (2002)، بڕیاریدا ئەو ڕوبەرانەی پاوان و لەوەڕگا لە پارێزگاکە بەکرێدەدرێن ساڵانە تەنیا بدرێتە خاوەن مەڕوماڵاتەکان (وەقایعی کوردستان، ژمارە33، 2002، 17). هەروەها دابەشکردنی ئاژەڵ و دابینکردنی ئاڵیك بۆ زیاتر پەرەپێدانی سامانی ئاژەڵی و ژیانی گوندنشینەکان، بۆنمونە لە ساڵی 2001، (16946) مەڕ و (424) تەن ئالیك بەسەر (3485) خێزانی کەم دەرامەتە دابەشکرا لەلایەن ڕێکخراوی فاو (ئاڵیکی خەستی دابەشکراو بەسەر ئاژەڵە کاوێژکەرەکان،2001، 16).

لایەنێکی دیکەی بایەخ دان بە سامانی ئاژەڵ، دامەزراندنی پڕۆژەی ئاژەڵداری بوە بە شێوەی زانستی بەمەبەستی هاندان و چاولێکردنی ئاژەڵداران دامەزراندنی پڕۆژەی لەم شێوەیە. بۆنمونە دامەزراندنی پڕۆژەی ئاژەڵداری نەورۆز، لە لایەن ڕێکخراوی (HDIH)(1)ی ئەڵمانی لە تشرینی دوەمی(1996)، بۆ بەخێوکردنی مانگا بۆ دابینکردنی شیر بۆ باخچەی ساوایان و نەخۆشخانەکانەکان. لە سەرەتادا پێکدەهات لە (72) مانگا و (39) گوێرەکە نرخەکەشیان بەیەك ملیون دۆلار دەخەملێنرا پاشان حکومەتی هەرێم پڕۆژەکەی وەرگرت (سەرۆکی حکومەتی هەرێم پڕۆژەی ئاژەڵداری نەورۆز لە عەنکاوە دەکاتەوە، ژ 2، 1998، 4).

پڕۆژەی بە خێوکردنی مەڕ لەکەسنەزان پڕۆژەیەکی دیکەبو، بەمەبەستی بوژاندنەوە و پترکردنی ژمارەی مەڕ و بەرهەمەکانی و بەخێوکردنی ئاژەڵ بە شێوازی زانستی و هاندانی ئاژەڵداران بۆ پەیڕەوکردنی هەمان شێوازی زانستی، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری بە ڕێکەوتن لەگەڵ ڕێکخراوی (TDC)ی فەرەنسی لە(1997/11/20)، پڕۆژەکەی دامەزراند. لەسەرەتادا (122) سەر مەری هەبوە (پڕۆژەی بەخێوکردنی مەڕ لە کەسنەزان، ژ2، 1998، 63).

پێویستی هەبونی پڕۆژەکانی مانگا و مەڕوماڵات و هاندانی دامەزراندنی ئەم پڕۆژانە، حکومەت ئاسانکاری دەکرد لە گۆڕینی  پڕۆژەی پەلەوەر بۆ پڕۆژەی مانگای شیر (فەرمانی کارگێری، ژ 1356/1/7، لە 1998/7/22). هەروەها هاوکاری ئاژەڵدارانی دەکرد لە ڕێگەی دابینکردنی بڕی گازی مانگانە بۆ پڕۆژەکان (داواکاری، ژ 9041/2، لە 2001/4/11)، ئەم هەنگاوانە بوە هۆی هاندانی کەرتی تایبەت و دامەزراندنی ژمارەیەك پڕۆژە. لە نێوان ساڵانی(1997 بۆ 2003)، (8) هەشت پڕۆژەی دیکەی مانگای شیر دامەزرێنرا، لە ناوچەکە، گەورەترینیان (200) سەر مانگای لەخۆدەگرت لە ساڵی (2002) بو، بچوکترین پڕۆژەش لە (50) سەر مانگا پێکدەهات لە(2003) کرایەوە، بێجگە لە دو پڕۆژە کە کەوتبونە هەردو قەزای چۆمان و سۆران، سەرجەم پڕۆژەکانی دیکە لە سنوری قەزای ناوەندی هەولێر بون (پڕۆژەکانی مانگای شیر، 1998-2003).

هەر لەو ماوەیەدا ئاژەڵداران گرینگیان بە پڕۆژەی بەرهەمهێنانی گۆشت داوە، (5) پێنج پڕۆژەی قەڵەوکردنی گوێرەکە دروستکراوە لە ناوچەکانی پارێزگاکە (پڕۆژەکانی قەڵەوکردنی گۆڵك1999-2004)، یەکەمین پڕۆژەیان لە ساڵی(1999) بو بە توانای (65) گۆڵك (مۆڵەتی پڕۆژەی کانی کەوی بۆ بەخێوکردنی گۆڵك، ژمارەی 1، 1999) و گەورەترینیان لە ساڵی (2001) بو (140) سەر گۆڵکی لەخۆدەگرت، سەرجەمیان کەوتبونە سنوری قەزای ناوەندی هەولێر (پڕۆژەکانی قەلەوکردنی گۆلك، 1999-2000).  داهاتی پڕۆژەکانیش بەگوێرەی جۆری پڕۆژەکە دەگۆڕا، بۆنمونە داهاتی بەشی مەڕ لە پڕۆژەی نەورۆز لەساڵی (2001) (88062) دینار بوە، بەڵام داهاتی بەشی مانگا (451299) دینار بوە لە هەمان ساڵدا (پڕۆژەی نەورۆز،2001، خشتەی 22).  سەبارەت بە ژمارەی ئاژەڵ لە پارێزگاکە بەرزی و نزمی بەخۆیەوە بینبوە لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا هەروەکو لەم خشتەی خوارەوە دەردەکەوێ.

**ژمارەی ئاژەڵ لە پارێزگای هەولێر 1991-2001**

| ساڵ | مەڕ | بزن | مانگا | گامێش |
|---|---|---|---|---|
| 1991 | 250000 | 150000 | 25000 | 400 |
| 1992 | 300000 | 150000 | 23000 | 300 |
| 1993 | 320000 | 120000 | 520000 | 280 |
| 1994 | 360000 | 200000 | 60000 | 500 |
| 1995 | 378366 | 173506 | 59021 | 300 |
| 1996 | 440000 | 260000 | 72000 | 200 |
| 1997 | 369511 | 330489 | 80698 | 240 |
| 1998 | 382786 | 379827 | 85143 | 260 |
| 1999 | 456398 | 291882 | 86041 | 220 |
| 2000 | 639778 | 651687 | 149772 | 174 |
| 2001 | 399442 | 468749 | 142376 | 271 |

(ئاماری ئاژەڵی لە پارێزگای هەولێر، داتای بڵاونەکراوە؛ سەرژمێری ئاژەڵ پارێزگای هەولێر و قەزا و ناحیەکانی 2001، داتای بڵاونەکراوە؛ احمد، 1994 82و117؛ کریم،2006، 94)

بە سەیرکردنی خشتەکە تێبینی دەکرێت:

بە شێوەیەکی گشتی لە (1992 - 2000) بەرەبەرە ژمارەی ئاژەڵ زیاتر دەبێت، هۆکارەکەشی بۆ بەرزبونەوەی نرخی بەرهەمی شیر لە بازاڕ و داواکاری لەسەر پێکهاتەکانی، نەمانی قەدەغە و ڕێگریکردن لە چونەوە لادێکان لە ڕوبەرێکی بەرفراوان لە خاکی کوردستان، بەتایبەتی لە وەرگای سروشتی پاش ڕاپەڕین (احمد، 1994، 117). هەروەها بەڕونی ڕەوشی دوای ڕاپەڕین و دابیننەکردنی پێداویستییەکانی ئاژەڵداران دەردەکەوێ لەسەر زیادبونی ئاژەڵ لە پارێزگاکە، بۆنمونە لە نێوان ساڵی (1991) بۆ ساڵی (1992)، هیچ زیادبونێك لە ژمارەی ئاژەڵ نەبوە، جگە لە زیادبونی ئاژەڵی مەڕ ئەویش بە ڕێژەیەکی کەم بە بەراورد بە ساڵەکانی تر، تەنانەت ژمارەی مانگا و گامێش کەمیکردوە، ئەگەر سەیری ژمارەی ئاژەڵی گامێش بکەین بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە ژمارەیان یەکجار کەم بوە بە بەراورد بە ئاژەڵەکانی دیکە و بەراوردناکرێن، ئەوەش پەیوەستە بە گۆڕانی شێوەی ژیانی ئەو کەسانەی گرینگیان پێدەدا، کە زیاتر نەتەوەی عەرەب بون و منداڵەکانیان

ئامادەنەبون بەردەوام بن لەسەر ئەم پیشەیە، و کەمبونەوە و نەبونی ئاوی پێویست، چونکە ئاژەڵی گامێش پێویستی زۆرتری بە ئاوە (خۆشناو، 2023). هەروەها ڕوداوە سیاسیەکانی و شەڕی ناوخۆ و هاتنی سوپای عێراق بۆ ناوچەکە کاریگەری خۆی هەبوە لە سەر کەمبونەوەی ئاژەڵی مەڕ و بزن لەساڵی 1997، بەڵام ئاژەڵی مانگا کەمینەکردوە، هۆیەکەشی ئەوەیە ئاژەڵی وردە لە دەشت و دەر دەلەوەڕێنرێ بە ئاسانی ناتوانرێ پارێزگاری لێبکرێت و بگوازرێتەوە لە بارودۆخی شەڕو و ڕوداوی لە ناکاو، بەڵام مانگا لە کێڵگەی دیاریکراو وجێگر بەخێودەکرێت. لە خشتەکەدا کەمبونەوەی ژمارەی ئاژەڵ بە شێوەیەکی گەورە لە ساڵی (2001) دەردەکەوێ، بەتایبەتی مەڕ و بزن، ئەوەش بە هۆی ئەو وشکەساڵییەوە بوە ناوچەکەی گرتۆتەوە لە ساڵانی (1998، 1999، 2000)، و زۆربەی سەرچاوە ئاوییەکان کاریگەری وشکەساڵیان بەسەرەوە بوە و ئاویان کەم بۆتەوە، کاریگەرییەکەی لە ساڵی (2001) دەرکەوتوە، بەتایبەتی ناوچە شاخاوییەکان کەسەرچاوەی ئاوەکانیان کانیاوەکان بوە(گۆڤاری کشتوکاڵ، ژ9، 2001، 53)، کەم بونەوەی سەرچاوەی ئاویش دەبێتە هۆی کەمبونەوەی ئاژەڵ، چونکە هەم بۆ ئاو خواردنەوەی ئاژەڵ، هەم بۆ سەرهەڵدانی لەوەڕگا بنەمای سەرەکییە، جگە لە سەربڕینی ئاژەڵ، بەگوێرەی ڕاپۆرتی سەربڕخانەی هەولێر لەساڵی (2001)، (51198) سەرِ مەڕ و (26589) سەر بزن سەربڕاون، بێجگە لە لاشەی فرێدراو (زانیارییەکانی سامانی ئاژەڵ و بەیتەرە بەگشتی، 2001، 14)، ئەوە بێجگە لەو ئاژەڵانەی لە دەرەوەی سەربڕخانەی فەرمی سەربڕدراون و ئامار لەبەر دەستدا نییە.

سەبارەت بەرێژەی ئاژەڵداران و ئەوانەی سەرقاڵبون بەم پیشەیە لە ناوچەکە، بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ لە ساڵی 2001، (34503) ئاژەڵدار لە پارێزگایەکەدا هەبوە (سەرژمیری ئاژەڵ لە پارێزگای هەولێر و قەزا و ناحیەکانی، 2001) تێکڕای ژمارەی ئەندامانی خێزانێك لە پارێزگاکە (5،23) کەس بوە لە هەمان ساڵدا، بەمەش زیاتر لە (180450) کەس لە پارێزگاکە هەڵی کاریان بۆ ڕەخسابوە و خەریکی ئاژەڵداری بون، ئەگەر سەیری ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە بکەین لە ساڵی (2001) (1308402) کەس بوە (سەرژمێری دانیشتوانی پایەتەختی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1997تا 2005)، کەواتە زیاتر لە (13،80%)ی دانیشتوانی ناوچەکە بە ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵبون. ئەم ڕێژەیەش کەمە لە چاو سروشتی ناوچەکە. دەتوانین بڵێین لەم ڕێژەیە زیاتربون ئاژەڵداران، چونکە ئەو خێزانانەی خەریکی ئاژەڵداری بون ژمارەی ئەندامانیان زیاتر بوە لەچاو ژمارەی ئەندامانی خێزانێك کە لە شار نیشتەجێبون یان بە پیشەی دیکەوە سەرقاڵبون.

لەسەر ئاستی قەزا لەڕوی ژمارەی ئاژەڵداران، قەزای ناوەندی هەولێر بە پلەی یەکەم دەهات بەرێژەی (23،90%) و لە دوای ئەویش قەزای شەقڵاوە بەرێژەی (22،35%) و قەزای سۆران بەرێژەی (21،46%)، هەریەکە لە قەزاکانی کویسنجەق و مێرگەسۆر و بەرێژەکانی (13%)، (10،64%) و کەمترین ڕێژەی ئاژەڵداریش لە قەزای چۆمان بوە و ڕێژەی (7،45%)ی پێکدەهێنا (سەرژمیری ئاژەڵ لە پارێزگای هەولێر و قەزا و ناحیەکانی، 2001). ئەگەر ڕەوشی ئاژەڵداری لە پارێزگای هەولێر بەراورد بکەین بە پارێزگاکانی دیکەی هەرێم، لە ڕێژەی ئاژەڵ بۆنمونە، لە ساڵی (2000)، (1291465) سەر مەڕ و بزن و (149772) سەر ڕەشەوڵاغ (ئامارەی ئاژەڵی لە پارێزگای هەولێر)لە ناوچەکە، هەبوە، لە دوای پارێزگای سلێمانیەوە بوە کە (2547657) سەر مەڕ و بزن و (624852) سەر ڕەشە ولاغی لێبوە (محمد، 2002، 70)، بەڵام بە بەراورد بە پارێزگای دهۆك کە (1015681) سەر مەڕ و بزن و (88746) سەر مانگای لێ هەبوە (ئاماری ئاژەڵی لە هەردو پارێزگای هەولێرو دهۆك،2000) پارێزگای هەولێر لە پێشتر بوە.

گرینگرین گرفتەکانی ئاژەڵداریش نەبونی پێداویستیەکانی سامانی ئاژەڵی بوە، بە هۆی ڕوداوەکانی ڕاپەڕینی ساڵی(1991) و ئاوارە بون و کشانەوەی ئیدارەی ڕژێم، ئامێرو کەرەسەی پێویستی سامانی ئاژەڵی نەما و بە هۆی گەمارۆی ئابورییەوەش نەدەهێنرا. بۆنمونە یەك ئۆتۆمبێل نەبوە لە فەرمانگەکانی تەندروستی ئاژەڵ بۆ گەیاندنی خزمەت بە ئاژەڵداران لە گوندەکان، هەروەها ئاودیوکردنی ئاژەڵ بۆ وڵاتانی دەوروبەر ئاستەنگێکی دیکە بوە و هەڕەشەی لە سامانی ئاژەڵ دەکرد لە دوای ڕاپەڕین، هەروەها ڕێگریکردن و پارەوەرگرتن لە ئاژەڵداران(برایەتی، ژ 1671، 1993، 2)، ئەمەش بە هۆی ڕەوشی سیاسی و نەبونی ئاسایشی و بەهێزنەبونی ئیدارەوە بوە پێش ساڵی(1997). سەرەرای هۆکارە سروشتییەکانی، وەك بونی نەخۆشی و پەتاکانی ئاژەڵ گرفتێکی دیکەی بەردەم ئاژەڵداری بوە، وەك نەخۆشی (بروسلیلوز) نەخۆشییەکی باوبوە و دەبوە هۆی بەرهاویشتنی ئاژەڵ و نەمانی بێچوەکەی (برایەتی، ژ1867، 1994، 5)، جگە لە مەترسی ئاژەڵی کێوی وەك هێرشی گورگ بۆسەر مەڕو ماڵات (غەفور، 2012، 345) ڕوداوی لافاو کە دەبوە هۆی لە ناوچونی ئاژەڵ، بۆنمونە لە ساڵی 1997، لە هەردو گوندی باوەخەلان و جەرگە زەوی ناوچەی زرارەتی، ئاو (60) مانگا و ژمارەیەکی زۆری مەڕ و ماڵاتی لەناوبرد (برایەتی، ژ1785، 1993، 4).

ڕەوشی ئاژەڵداری لە کاریگەرییەکانی ڕەوشی سیاسی هەرێمیش بەدەرنەبوە، ڕوداوەکانی شەڕی ناوخۆوە، زیانی ئاژەڵدارەکانی بە دواوە بوە، بۆ نمونە لە هێرشەکانی مانگی حەوتی ساڵی(1997) لە دو گوندی سەر بە ڕەواندز (400) سەر مەڕی دو ئاژەڵدار دەستی بەسەردا گیرا لەلایەن بەرەیەکی شەڕەکەوە (برایەتی، ژ2375، 1997، 11). هەروەها شەڕەکانی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا لە ناوچەکانی حاجی ئۆمەران (پرۆتۆکۆڵ، ژ13، 1999، 63)، کاریگەری خۆی هەبوە لە سەر ڕەوشی ئاژەڵداری، بەڵام ئامارێکی تایبەت بە کاریگەری شەڕ و ڕوداوە سیاسییەکان لەسەر ئاژەڵداری لەبەردەستدا نییە.

### تەوەرەی دوەم: پەلەوەر

لایەنێکی دیکەی سامانی ئاژەڵی بەخێوکردنی پەلەوەرە، هەر لە مریشك و کەڵەشێر و قازو مراوی و قەل و چین و ماچین و کۆتر و باڵندەی ماڵان وەك کەناری و بولبول و ..هتد. لە شارو گوندەکانی بە کارێکی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵك دادەنرا، کەم ماڵ هەبوە بۆ هێلکە و گۆشت و فرۆشتن، چەند دانەیەك پەلەوەری ڕانەگرتبا (غەفور، 2012، 341). ئەم سامانە ڕۆڵێکی گرینگی هەبوە لە دابینکردنی خۆراك و پرۆتین بۆ دانیشتوان (پرۆفایلی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 2017، 21). پەلەوەری خۆماڵی لە باشوری کوردستان بە پارێزگای هەولێریشەوە لە ڕوی ژیان و پێشکەوتنیان خراپ بوە، بە هۆی بایەخ پێنەدانی خاوەنەکانیان بە ژیان و خواردن بۆ دابینکردنیان، زیاتر لە کۆڵان و کەمێك لە ماڵەوە پاشماوەی خواردنی ڕۆژانەی خۆیان پێدەدان، لەبەر ئەوە ئاستی بەرهەمهێنانیان نزم بوە(غەفور، 2012، 341). هەروەها بونی کێڵگە پەلەوەرییەکان لە ناوچەکانی پارێزگاکە، کە دواتر ژمارە و ناوچەی جوگرافی پرۆژەکان دەخەینەڕو.

یەکێک لەو هەنگاوانەی لە چوارچێوەی پەرەپێدانی سامانی پەرلەوەر گیرایەبەر، دابەشکردنی مریشك بو لە ناوچەکانی پارێزگاکە، بۆ نمونە ساڵی (1994) ڕێکخراوی فاو (40) هەزار مریشکی هێلکەکەر و عەلەفی بەسەر جوتیارانی گوندە ئاوەدانکراوەکانی هەر سی پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك دابەشکرد، هەر خێزانە (5) مریشك و (50)کغم عەلەفی پێدرا (برایەتی، ژ2013، 1994، 4)، لە ساڵی (2000)، لە پارێزگای هەولێر(74000) مریشکی هێلکەکەر و بڕی (317) تەن ئالیك بەسەر (3400) خێزان لە (170) گوندی پارێزگاکە دابەشکرا (چالاکییەکانی بەیتەرە و سامانی ئاژەڵ، 2000، خشتەی ژ F-2، 20). هەنگاوێکی دیکەی حکومەت بۆ پەرەپێدانی سامانی ئاژەڵی کردنەوەی خولی ڕێنمایی بو بۆنمونە،

بە هاوكاری ڕێكخراوی فاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوە و ڕێنمایی كشتوكاڵی و توتن، لە (2002/7/18)خولێكی ڕێنمایی بۆ پەنجا خاوەن پرۆژەی كێڵگەی پەلەوەر لە ناوچەكانی پارێزگاكە كردۆتەوە، تێدا شارەزایان و پسپۆران وانەیان دەربارەی پەلەوەر و بەخێوكردنی پێشكەشكردوە (بەشێك لە دیدار و چالاكییەكانی وەزارەتی ...، 2001، 5).

سەربارى ئەو هەنگاوانەی سەرەوە، كە باسكران دامەزراندنی پرۆژەی گەورە بۆ بەخێوكردنی پەلەوەر، بنەمایەكی دیكەی بەهێزبونی سامانی پەلەوەری پارێزگاكە بوە. لە هەشتاكان پرۆژەی گەورە دامەزرێنرا بۆ مەبەستی گۆشت و هێلكە، بەڵام بەهۆی ناڵەباری گوزەران زیانێكی زۆر بەو كێڵگانە كەوت (ڕۆژمێری كشتوكاڵ، 2000، 101)، بەهۆی هەردو گەمارۆی نەتەوە یەكگرتوەكان لەلایەك و حكومەتی عێراق لە لایەكی دیكەوە، بوە هۆی وەستانی كێڵگەكانی مریشك جگە لە چەند دانەیێك نەبێت، چونكە پشتی بەو پێداوستیانە دەبەست كە لە دەرەوەی هەرێم یان عێراق هەبون، بە هۆی گەمارۆوە نەدەهات(صالح، 1998، 94). دوای ئاوەدانكردنەوەی كوردستان و جێ بەجێكردنی بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك، زۆربەی پرۆژەكانی پەلەوەر بوژانەوە و خرانەوە كار و بڕێكی باش لە هێلكە و گۆشت كەوتەوە بازار (ڕۆژمێری كشتوكاڵ، 2000، 101)، ئامارێكی ورد سەبارەت بە ڕێژەی بەرهەمی گۆشتی مریشك لە بەردەستدا نییە، بە گوێرەی بابەتێك كە لە گۆڤاری كشتوكاڵ بڵاوكراوەتەوە، دەڵێ لە ساڵانی (1991-1996) ڕێژەی خواردنی گۆشتی مریشك بۆ هەرتاكێك لە كوردستانی باشور بە پارێزگای هەولێریشەوە (2) دوكغم بوە لە ساڵێكدا (پیشەسازیی پەلەوەر لە كوردستاندا ...، 2006، 36)، ئەمەش بێگومان ڕێژەیەكی یەكجار كەمەو جێگای هەڵوەستە لەسەر كردنە، لە ساڵی (1997) (15) پرۆژە لە كاردابون هەروەك لە خشتەی خوارەوەدا هاتوە، بە گوێرەی قسەكانی خاوەن پرۆژەیەكی پەلەوەر لە ناوچەكە، دەڵی ساڵانە هەر پرۆژەیەك (5) جار بەرهەمی هەبوە و هەر مریشكێك كێشی (2) كغم بوە و پرۆژەكەی من وزەی (15000) مریشك بوە، پرۆژە هەبوە بەرهەمی زیاتر و هەشبوە بەرهەمی كەمتر، (عزيز، 2023) خۆ ئەگەر پرۆژەی ئاماژە بۆكراو بكەینە بنەما، ئەوا تێكڕای بەرهەمی ساڵانەی پرۆژەكان دەكاتە(2250000)كغم لە ساڵێكدا، لەهەمان ساڵدا سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگاكە (1087142)كەس بونە (سەرژمێری دانیشتوانی پایتەختی هەرێمی كوردستان لە ساڵی 1997تا 2005)، بەوەش ڕێژەی بەرهەمی گۆشتی مریشك لە پارێزگاكە بۆ هەر تاكێك دەكاتە (2،06)كغم، ئەگەر بەرهەمی پرۆژەكان بە زیاتر یا كەمتر بخەملێنین ئەوا ڕێژەی هەر تاكێك گۆڕانی بەسەر دادێت. تا ڕێكەوتی (1998/4/1)، لە پارێزگای هەولێر ژمارەی پرۆژەكانی پەلەوەر (6 تا 18) پرۆژە لەكاردابون لە كۆی (363) پرۆژەی پارێزگاكە، دوای دابەشكردنی (250) تەن پرۆتین لە ڕێگەی ڕێكخراوی فاو بەسەر كێڵگەكانی پەلەوەر، بە هۆیەوە، پرۆژەكان بوژانەوەیەكی ئاشكرای بەخۆیەوەبینی و ژمارەی پرۆژەكانی پەلەوەری بەرزكردەوە بۆ (60) پرۆژە و نرخی یەك كغم مریشكی زیندوی لە (27) دینارەوە بۆ (22) دینار دابەزاند (زاگرۆس، 1998، 2) لە ساڵی (2000)، بری (3580،75) تەن پرۆتین و (4831،134) تەن صۆیا و دەیان كەلوپەل و پێداویستی دیكەی كێڵگە دابەشكرا بەسەر پرۆژەكانی كەرتی تایبەت (چالاكییەكانی بەیتەرەو سامانی ئاژەڵ،(2000)، خشتەی ژ2-D، 20) وەزارەتی كشتوكاڵ لە ڕێگەی دابینكردنی بڕێكی زۆر ئالیك و پێداویستی، تا ساڵی(2000)، ژمارەی كێلگەكانی پەلەوەری بەرزكردەوە بۆ (230) پرۆژە و نرخی كیلۆیەك گۆشتی مریشك دابەزی بۆ (15) دینار (ڕاپۆرتی چالاكییەكان، 2000، 1).

هەر لە چوارچێوەی بایەخدان بە سامانی پەلەوەر، دامەزراندنی پرۆژەی مریشكی هێلكەكەر بو لە (1995/10/15)، كە لەلایەن ڕێكخراوی (HDIH)ی ئەلمانی دامەزرێنرا پێكهاتبو لە (60) هەزار مریشك، (40) هەزاریان دابەشكرا بەسەر خێزانی (360) گوند لە پارێزگاكە، (20) هەزارەكەی تریش هێشترایەوە بۆ دابینكردنی هێلكە بۆ باخچەی ساوایان و

نەخۆشخانەکانی هەولێر (عوبید، 1997، 47). ئەو هەنگاوانەی ئاماژەی پێکرا بە خێرایی بوە هۆی بوژانەوەی کێلگەکانی پەلەوەر و دامەزراندنی پڕۆژەی تازە. هەروەکو لەو ئامار و خشتەی خوارەوە دەردەکەوێ.

**ژمارەی پڕۆژەکانی پەلەوەری گۆشت لە پارێزگای هەولێر 1991-2003**

| ساڵ | ژمارەی پڕۆژە |
|---|---|
| 1991 | 357 |
| 1992 | 362 |
| 1997 | 15 |
| 1998 | 60 |
| 2000 | 230 |
| 2001 | 299 |
| 2002 | 319 |
| 2003 | 320 |

(زانیاری ئاماری دەربارەی پڕۆژەکانی سامانی ئاژەڵ، 2003، خشتەی ژ 19، ل22؛ زانیاری دەربارەی سامانی ئاژەڵ، 2002، خشتەی ژ 13، 19؛ احمد، 1994، 118؛ گۆڤای کشتوکاڵ ژ(11)، 5 ؛ زاگرۆس، 1998، 2).

بە گوێرەی خشتەکە لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا، تێبینی دەکرێت بەرزترین ڕێژەی کێڵگە پەلەوەرییەکان لە ساڵی (1992) بوە کە (362) پڕۆژە بوە بەڵام ئەو ڕێژەیە دابەزیوە بۆ (15) کێڵگە لە ساڵی 1997، ساڵانە بەڕێژەی (47%) پڕۆژەکان کەمیان کردوە، ئەو ڕێژەیەش زۆر کەمە بەبەراورد بە هەردو ساڵی (1991 و 1992)، ئەوەش بە هۆی دۆخی دوای ڕاپەڕین و نەبونی پێداویستییەکان بوە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، بەڵام دوای دابینکردنی پێداویستەکانیان جارێکی دیکە پڕۆژەکان دەبوژێنەوە بەرەبەرە، ئەگەر سەیربکەین ساڵی(2003) یەك پڕۆژە زیادبوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە داتای هەمو ساڵی (2003) وەرنەگیراوە، چونکە لە (2003/4/9) بە خاڵی کۆتایی ماوەی توێژینەوەکە دانراوەوە لەو ماوە کەمەش تەنیا یەك پڕۆژە دامەزرێنراوە، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی پڕۆژەکان لەماوەی (5)ساڵدا (1998-2003)، (39،77%) بوە.

هەرچی پەیوەندی بە پێدانی مۆڵەت بو، بۆ دامەزراندنی پڕۆژەی پەلەوەری گۆشت لە پارێزگای هەولێردا، ئەوە بە گوێرەی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ، لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا، (166) مۆڵەت بۆ ئەم مەبەستە دراوە، کە

کەمترین ڕێژەی مۆڵەتی دراو بۆ پرۆژە لە هەردو ساڵانی (1993 و 1994) بوە، لە هەریەك لەو ساڵانە یەك پرۆژە دامەزرێنراوە، بەرزترین ڕێژەی مۆڵەتی دراو بۆ دامەزراندنی پرۆژەش لە ساڵی (1999)، کە (50) مۆڵەت بوە. سەبارەت بە دابەشبونی پرۆژەکانی پەلەوەر لە ناوچەکانی پارێزگاکە، قەزای ناوەندی هەولێر بە پلەی یەکەم دەهات بە (137) پرۆژە، لە دوای ئەویش هەریەکە لە قەزاکانی شەقلاوە بە (12) پرۆژە و مێرگەسۆر بە (9) پرۆژە بە پلەی دوەم و سێیەم دەهاتن، لە پاش ئەوانیش قەزای سۆران بە (6)پرۆژە و هەریەکە لە قەزاکانی کۆیە و چۆمان بە یەکێ یەك پرۆژە دەهاتن. بەرزترین وزەی پرۆژەکانی گۆشت (49000) مریشکی بەرهەم بوە و کەوتبوە ناوچەی عەنکاوە، کەمترین وزەی پرۆژەکانیش (5000) بوە لە ناوچەی بارزان (پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت، 1990-2003، داتای بڵاونەکراوە). بێجگە لە پرۆژەی پەلەوەری گۆشت، پرۆژەی پەلەوەر بۆ بەرهەمهێنانی هێلکەش لە پارێزگاکە هەبوە، بۆنمونە لە ساڵی (2001)، (2) پرۆژەی پەلەوەر هەبوە بۆ بەرهەمهێنانی هێلکە، بەرهەمی (33745500) هێلکەبوە بۆ سێ مانگ (چالاکییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری لە 2001/1/1 ...، 2001،21).

بۆ زیاتر ڕەوشەنکردنەوەی بەرهەمی کێڵگەکانی پارێزگاکە، بەراوردکردنیەتی بە ڕێژەی کێڵگەکانی پارێزگاکانی تری هەرێم، بۆنمونە لە ساڵی 2002، لە هەولێر(319) پرۆژەی پەلەوەری گۆشت هەبوە و لە پێش پارێزگای دهۆك بوە کە (64) پرۆژەی لێبوە (زانیاری دەربارەی سامانی ئاژەڵ، 2002، خشتەی ژ 13، 19). هەروەها (2) پرۆژەی مریشکی هێلکە هەبوە لە پارێزگاکە، بەڵام لە دهۆك هیچ پرۆژەیەکی مریشکی هێلکە نەبوە لە هەمان ساڵدا (زانیاری دەربارەی سامانی ئاژەڵ، 2002، خشتەی ژ 13، 19). لە ساڵی (2003)، (320) پرۆژەی پەلەوەری گۆشت هەبوە، لە هەولێر بەمەش ساڵی (2003) تەنیا یەك پرۆژە زیادی کردوە هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد داتای هەمو ساڵی (2003) وەرنەگیراوە، هەرچی مریشکی هێلکەکەرە (2) پرۆژە لە هەولێر هەبوە، بەڵام لە دهۆك (70) پرۆژەی پەلەوەری گۆشت بوە و هیچ پرۆژەیەکی هێلکەی مریشك نەبوە لە هەمان ساڵدا (زانیاری ئاماری دەربارەی پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ، 2003، خشتەی ژ 19، 22).

### تەوەری سێیەم: هەنگداری

هەنگداری بەشێکی دیکەی سامانی ئاژەڵی پارێزگاکەی پێکهێناوە و گرینگی بە پەروەردەکردنی دراوە. بە هۆی باری سروشتی وەك ئاووهەوا و ڕوەکی خۆڕسك وەکو گیا و گوڵ و گوڵزار و دارو دەوەن، بۆ پەروەردەکردنی هەنگ لە ناوچە شاخاویەکانی پارێزگای هەولێر زۆر لەباربوە(غەفور، 2012، 343)، بە بەراورد بە پارێزگاکانی ناوەراست و باشوری عێراق باشتربوە (بشای، 2003، 67) ناوچەکە لە پەروەردەکردنی هەنگ بەناوبانگ بوە بە هۆی لە باری ژینگەکەی(الصائغ و مصطفی،2003، 180). بونی جۆرەها گوڵ لە ناوچە شاخاوییەکان وای کردوە لەسەرانسەری عێراق ناوبانگ دەربکات، ئەوەش هاندەربوە بەشێك لە دانیشتوانی لادێ کان بە بەخێوکردنی هەنگ خەریکبوینە، دوای ساڵی (1991)، حکومەتی هەرێم و جوتیاران زۆر بە پەرۆشەوە بۆ بوژانەوەی ئەم داهاتە گرینگە هەوڵیاندا (پرۆفایلی وەزارەتی کشتوکاڵ، 2007، 22)، بەڵام تاساڵی (1997) بە هۆی ڕەوشی ئەوکاتەوە پێناچێت پێداویستیە سەرەکیەکانی هەنگداری دابینکرابن. ئەمەش وای کردبو بە هێواشی گەشە بکەن. لە ساڵی (1997)هەوە بواری هەنگداری پەرەسەندنی زۆری بەخۆیەوە بینی، لەوانە خەلیفی نوێ پەرەسەند و خەلکی بێ کار گەڕانەوە گوندەکانیان، هەنگوینیش نرخێکی باشی دەکرد و شارەزایی لە پەروەردەکردنی هەنگ بەرەبەر گوندەکانی گرتەوە (ابوبکر، 2001، 49)، ئەوەش بە هۆی کردنەوە خولەوە بو. حکومەت خوڵی فێرکردنی هەنگەوانی دەکردەوە بۆ نمونە لە ساڵی (2001)، (40) هەنگەوان لە سەر بەخێوکردنی

هەنگ ڕاهێنران (چالاکییەکانی مۆزەخانەی مێرو لەگەڵ هەنگەلانی فێرکردن، 2001، 29). سەرەڕایی دابەشکردنی پێداویستی و کەرەسەی بەخێوکردنی هەنگ بە نرخی هەرزان (ابوبکر، 2001 أ، 49)، بۆنمونە لە ساڵی (2000)، (1593) شانە و (60) جلی هەنگەوانان و پێداویستی دیکە دابەشکران (چالاکییەکانی پاراستنی ڕوەك، دابەشکردنی پیداویستییەکانی هەنگ، 2000، خشتەی ژ D-1، 10). ئەمەش بوە هۆی بەرزبونەوەی ژمارەی پورەی هەنگ و هەنگەوانان (ابوبکر، 2001 أ، 49).

بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی (FAO)، لە ساڵی (2000) لە پارێزگای هەولێر، (3727) هەنگەوان هەبوە، دەیکردە ڕێژەی (28،48%) هەنگەوانانی هەرێم پلەی دوەمی هەبوە لە دوای پارێزگای سلێمانی. هەروەها (48081) پورە هەنگی هەبوە و ڕێژەی (31،46%) هەرێمی پێکهێناوە و تێکڕای بەرهەمی هەر پورە هەنگێك لە پارێزگاکە لە ساڵی (2001)(7)کغم هەنگوین بوە، لە کاتێکدا بە هۆی وشکەساڵییەوە لەوەڕی هەنگ زۆر کەم بوّوە (ابوبکر، 2001 أ، 51) و بەرهەمی کەم بوە لەو ساڵەدا. بەگشتی بەرهەمی پورەهەنگێك ساڵانە کەمتر نەبوە لە (15)کغم لە ناوچەکە (شێروانی، 2022، دیدار).

لە گرینگترین گرفتەکانی هەنگداریش، بڵاوبونەوەی نەخۆشی لەوانە (بەچە گەنین) بەترسناکترین نەخۆشی ناودەبرێت کە بە هۆی بەکتریاوە توشی هەنگ دەبێت (ابوبکر، 2001 أ، 275). لە ساڵی (2000) لە بە دواداچونێکی ڕێکخراوی فاو، بە هۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشیەکە لە کۆی (17) شانەی هەنگی نمونەیی لە ناوچە جیاکانی پارێزگاکە، (7) یان توش ببون کە دەکاتە ڕێژەی (41%)(ئەبوبەکر، 2001 ب، 56)، هەروەها مردنی هەنگ بە هۆی زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی مێروکوژ بۆ قەلاچۆکردنی مێروی زیانبەخش لە کێڵگە ی کشتوکاڵی(ابوبکر، 2001 أ، 50).

**تەوەری چوارەم: سامانی ماسی**

ماسی سەرچاوەیەکی دیکەی سامانی ئاژەڵی ناوچەکەی پێکدەهێنا. ژمارەیەك پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی بەمەبەستی ئابوری و دابینکردنی گۆشت دادەمەزرێنرێت و چەند هۆکارێك بونەتە هۆی پەرەپێدانی سامانی ماسی لە پارێزگای هەولێر، کە زیاتر خۆیان دەبینیەوە لە دابینکردنی پێداویستیەکانی بەخێوکردنی ماسی و پرۆژەکان. یەکێك لە هۆکارەکان، کردنەوەی پرۆژەی هەڵهێنەری ماسی بو لە ئابی (2001)، حکومەت لەسەر بڕیاری (986) ئەنجامی دابو، بەمەبەستی دابینکردنی پەنجە ماسی بۆ پرۆژەکانی کەرتی تایبەت، بە هۆیەوە لە ساڵی(2001)، بڕی (105) هەزار پەنجەماسی (بەشێك لە دیدار و چالاکییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێر، 2001، 6) و لە ساڵی (2002) بڕی(207390) پەنجە ماسی دابەشکردوە بەسەر پرۆژە و کێڵگەکانی بەخێوکردنی ماسی لە پارێزگای هەولێر. هەروەها دابەشکردنی پیداویستی پرۆژەکان هەنگاوێکی دیکەی حکومەت بوە، هەر لە دابەشکردنی تۆڕی ماسی، ئامرازی تێکردنی ئالێك (پلاندانان، پێداویستی دابەشکراو بەسەر پرۆژەکانی پەلەوەر و پرۆژەکانی ماسی،2002، خشتەکانی ژ15و 16، 22) و دابینکردنی ئالیك، بۆنمونە لە ساڵی (2002) بڕی (186500)کغم ئالیکی بەسەر (31) کێڵگە دابەشکرد لە پارێزگاکە (پێداویستیە دابەشکراوەکان بەسەر پرۆژەکانی ماسی، 2002، خشتەی ژ19، 22)، ئەمەش بوە هۆی زۆربونی پرۆژەکانی ماسی بەخێوکردن لە ناوچەکەدا (زانیاری ئاماری دەربارەی سامانی ئاژەڵ، 2002، خشتەی ژ13، 19).

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، لە ساڵی (2000) بۆ یەکەمجار مۆڵەتی کردنەوەی پرۆژەی ماسی تۆمارکراوە بە شێوەی فەرمی و لەو ساڵەدا (4) مۆڵەت دراوە، بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردنیش لە ساڵی (2002)، بوە و (59) مۆڵەت تۆمارکراوە (پرۆژەکانی ماسی، 2000-2003، داتای بڵاونەکراوە). لە ساڵی (2000) (54) پرۆژە هەبوە لە

پارێزگاکە (پێداویستیەکانی دابەشکراو بەسەر پرۆژەکانی ماسی 2000، خشتەی ژE-2، ل20)، لە ساڵی (2003) بەرزبۆتەوە بۆ (99) پرۆژەی ماسی بەخێوکردن لە پارێزگای هەولێر (زانیاری ئاماری دەربارەی پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ،2003، خشتەی ژ 19، 22)، ئەوەش گەشەکردنێکی خێرایە لەو سامانە.

**ئەنجام:**

سامانی ئاژەڵ لایەنێکی گرینگی ئابوری ناوچەکەی پێکهێناوە و بەخێوکردنی مەڕ و بزن و مانگا جێگەی بایەخ بوە و هەڵی کاری بۆ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان دابینکردوە و بۆتە سەرچاوەی بژێویان.

-لە دوای ڕاپەڕین تا ساڵی (1996)، ڕەوشی ئاژەڵداری و پرۆژە ئاژەڵدارییە جۆراوجۆرەکان بە قۆناغێکی ناهەموار تێپەڕ بوە، بە هۆی کەمی و نەبونی پێداویستیەکانی، ئاژەڵداری گەشەیەکی ئەو تۆی بەخۆیەوە نەبینیوە و پرۆژە پەلەوەریەکان لە کاروەستاون، بەڵلام دوای جێبەجێکردنی بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك هەر لە ساڵی(1997) تا ساڵی (2003) بەشێوەیەکی گشتی ڕەوشی ئاژەڵداری بەرەو پێشچونی بەخۆیەوە بینیوە.

- دو قۆناغی جیاکراوە لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا دەستنیشان دەکرێت، لە ساڵی(1991-1996) ئاژەڵداری لە دۆخێکی خراپ دابوە، بە هۆی کاریگەری ڕوداوە سیاسیەکان، بەڵام لە ساڵانی (1997-2003) سامانی ئاژەڵی گەشەکردنێکی خێرای بەخۆیەوەبینیوە.

-گەشەکردنێکی خێرا لە بوژانەوەی پرۆژە پەلەوەریەکان و دامەزراندنی کێڵگەی تازەدا هەبوە و، ژمارەیەك پرۆژە دادەمەزرێنرێت لە ناوچەکە بە مەبەستی بەخێوکردنی مانگای شیر و قەڵەوکردنی گوێرەکە بەمەبەستی گۆشت.

- بەکاریگەری دابینکردنی پێداویستیەکانیان لەوانە عەلەف، پرۆژەکانی پەلەوەر کە پێشتر لەکارکەوتبون زۆرینەیان بوژاونەتەوە لە ساڵی (1997)و ئەمەش بۆتە هۆی دابەزینی نرخی گۆشت و بەرهەمەکانی لە بازاردا.

- چەند هۆکارێك کاریگەری کردۆتە سەر سامانی ئاژەڵ لە پارێزگای هەولێر، هەر لە بونی لەوەرگای فراوان و دەستی کار و هۆکاری سیاسی و گەمارۆی ئابوری و جەنگی ناوخۆ و بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراك.

-بە شێوەیەکی گشتی ژمارەی ئاژەڵی مەر و بزن و مانگا بە درێژایی ماوەی لێکۆڵینەوەکە زیاددەبێت، جگە لە ساڵانی (1997) و (2001)، ڕێژەی ئاژەڵ کەمی کردوە بە تایبەتی مەڕ و بزن.

**سەرچاوەکان**


بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەیتەرە و سامانی ئاژەڵ، بابەت: فەرمانی کارگێری، ژ (1356/1/7)، لە 1998/7/22.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، ڕاپۆرتی ساڵانەی 2000، چالاکییەکانی بەیتەرەو سامانی ئاژەل، دابەشکردنی مریشکی هێلکەکەرو ئالیك، خشتەی ژ (F-2).

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، ڕاپۆرتی ساڵانەی، 2000، چالاکییەکانی پاراستنی ڕوەك، دابەشکردنی پیداویستیەکانی هەنگ، خشتەی ژ (D-1).

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، ڕاپۆرتی ساڵانەی 2000، چالاکییەکانی بەیتەرەو سامانی ئاژەڵ، خشتەی ژ(D-2).

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، ڕاپۆرتی ساڵانەی 2000، پلاندانان، چالاکییەکانی بەیتەرەو سامانی ئاژەڵی، پێداویستیەکانی دابەشکراو بەسەر پرۆژەکانی ماسی، خشتەی ژ(E-2).

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، ڕاپۆرتی ساڵانەی 2000، ڕاپۆرتی چالاکییەکان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، ڕاپۆرتی ساڵانەی 2001، ئاڵیکی خەستی دابەشکراو بەسەر ئاژەڵە کاوێژکەرەکان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، ڕاپۆرتی ساڵانەی 2001، زانیاریەکانی سامانی ئاژەڵ و بەیتەرە بەگشتی.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، ڕاپۆرتی ساڵانەی 2001، پرۆژەی نەورۆز، بەشی بەخێوکردنی مەڕ، خشتەی ژ(22).

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، ڕاپۆرتی ساڵانەی 2002، پلاندانان، زانیاری ئاماری دەربارەی سامانی ئاژەڵ، خشتەی ژ(13).

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، ڕاپۆرتی ساڵانەی، 2002، پلاندانان، پێداویستی دابەشکراو بەسەر پرۆژەکانی پەلەوەر و پرۆژەکانی ماسی، خشتەکانی ژ(15و 16).

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، ڕاپۆرتی ساڵانەی 2002، پلاندانان، پێداویستیە دابەشکراوەکان بەسەر پرۆژەکانی ماسی، خشتەی ژ(19)

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، ڕاپۆرتی ساڵانەی 2003، زانیاری ئاماری دەربارەی پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ، خشتەی ژ (19).

لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ وەزارەتی ناوخۆ/نوسینگەی تایبەت، بابەت: زانیاری، ژ(285)، لە 1993/6/24.

لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ وەزارەتی ناوخۆ/نوسینگەی تایبەت، بابەت: زانیاری، ژ(285)، لە 1993/6/24.

لە پارێزگای هەولێر بۆ گشت بازگەکانی هەرێمی کوردستان، بابەت: مەڕومالاَت، ژ(941)، لە 1993/2/16

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەیتەرە و سامانی ئاژەڵ بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەوت و کانزاکان/ ب-کاروباری نەوت، بابەت: داواکاری، ژ (9041/2)، لە 2001/4/11.

مۆڵەتی پرۆژەی کانی کەوی بۆ بەخێوکردنی گۆلك، ژمارەی مۆڵەت (1)، 1999.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، پرۆتۆکۆڵی ژ(13) لە 1999/5/19، بەرگی (21)، چاپی یەکەم، (هەولێر، 1999)

وەزارەتی بازرگانی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی، بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی کەڵ و پەلی خۆراك/هەولێر، سەرژمێری دانیشتوانی پایتەختی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1997تا 2005، هۆبەی داتا، (داتای بڵاونەکراوە).

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵی هەولێر، هۆبەی مەرو ماڵات، پرۆژەکانی قەلەوکردنی گۆلك(داتای بڵاونەکراوە).

-وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێترنەری، بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ، پلاندانان، سەر ژمێری ئاژەڵ پارێزگای هەولێر و قەزا و ناحیەکانی 2001(داتای بڵاونەکراوە).

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵی هەولێر، هۆبەی مەرو ماڵات، پرۆژەکانی قەلەوکردنی گۆلك 1999-2004 (داتای بڵاونەکراوە).

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵی هەولێر، هۆبەی مەرو ماڵات، پرۆژەکانی مانگای شیر(داتای بڵاونەکراوە).

-بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵی هەولێر، پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت 1990-2003، هۆبەی پەلەوەر(داتای بڵاونەکراوە).

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵی هەولێر، هۆبەی پەلەوەر، پرۆژەکانی ماسی (داتای بڵاونەکراوە).

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێترنەری، بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ، پلاندانان، ئاماری ئاژەڵی لە پارێزگای هەولێر(داتای بڵاونەکراوە).

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێترنەری، بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ، پلاندانان، ئامارەی ئاژەڵی لە هەردو پارێزگای هەولێرو دهۆك،2000(داتای بڵاونەکراوە).

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاریە کشتوکاڵیەکان، ڕۆژمێری کشتوکاڵ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2000.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، پرۆفایلی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، هەولێر، 2017.

هەرێمی کوردستان-عێراق، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچونەوە، بەڕێوەبەرایەتی ئامار، پرۆفایلێ وەزارەتی کشتوکاڵ، هەولێر، 2007.

وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، راگەیاندنی وەزارەت، کۆنفرانسەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ 2007، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ، 2008،

وەقایعی کوردستان، ژمارە(33)، 2002/7/18، ڕێنمایی ژمارە(1) ی ساڵی 2002 دەربارەی بە کرێ دانی پاوان لە هەرێمی کوردستان.

ئێوارە گولان: ژ 88 (1998/3/8).

برایەتی:، ژ 1671 (1993/6/17)، ژ1676(1993/6/24)، ژ1785 (1993/3/1)، ژ1867 (1994/2/7)، ژ2009(1994/8/4)، ژ2013 (1994/8/8)، ژ2017 (1994/8/13)، ژ 2413(1997/9/9)، ژ2375(1997/7/20).

کوردستانی نوێ، ژ4(29/کانونی یەکەم/ 1992).

کشتوکاڵ: ژ (1)(کانونی یەکەمی1997)، ژ (2)، (ئاداری 1998)، ژ (4)(1998)، ژ(9)، (2001)، ژ(10)(2001)، ژ(11) (2002)، ژ(23) (ئابی 2006).

-عثمان، بورهان حاتم (2019). بارودۆخی ئابوری هەولێر لە نێوان ساڵانی 1958-1975، هەولێر، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، کۆلێژی ئاداب، بەشی مێژو.

احمد، محسین ابراهیم (1994). واقع القطاع الزراعی فی اقلیم کردستان العراق و سبل تنمیته خلال المدة (1974-1993)، اربیل، رساله ماجستیر، غیر منشوره، جامعه صلاح الدین-اربیل، کلیة الادارة الاقتصاد، قسم الاقتصاد.

محمد، بختیار صابر(2002) الاحتیاجات المائیه للاغراض الزراعیه وقیاس العوامل المؤثره فیها فی محافڤه اربیل للمده(1985-2001)، اربیل: رساله ماجستیر، غیر منشوره، جامعه صلاح الدین-اربیل، کلیة الادارة الاقتصاد، قسم الاقتصاد.

کریم، بفرین صابر(2006) الاپار الاقتصادیه لاعاده اعمار القری المدمره فی محافضه اربیل للمده 1980-2005، اربیل: رساله ماجستیر، غیر منشوره، جامعه صلاح الدین-اربیل، کلیة الادارة الاقتصاد، قسم الاقتصاد.

ابوبکر، صدرالدین نورالدین(2001). هەنگ بە خێوکردن، چاپی یەکەم، دهۆك: چاپخانەی زانا.

بۆتانی، نورەدین ئەنوەر (2007). پاوان لە هەرێمی کوردستاندا، هەولێر.

غەفور، عەبدوللا (2012). جوگرافیای باشوری کوردستان، چاپی دوەم، هەولێر: دەزگای توێژینەوەو کردنەوەی موکریان.

([1]) بشای، فهمی (2003). نحو التنمیه الزراعیه المستدامه فی العراق، روما.

([1]) الصائغ و مصطفی، مزاحم ایوب و عبدالرحیم عمر (2003). المدخل الی تربیه النحل، الطبعه الاولی، مطبعه الزراعه، اربیل.

ئازاد (2001) بەڕێوەبەری گشتی سامانی ئاژەڵ و بەیتەرە بۆ گۆڤارەکەمان دەدوێ، کشتوکاڵ (گۆڤار)، هەولێر، ژ(11).

ئازاد (2001). دیدارێك لەگەڵ بەرپرسی بنکەی چاکردنی دەستکرد لە هەولێر، کشتوکاڵ (گۆڤار)، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، هەولێر، ژ(9).

ئەبوبەکر، سەدرەدین نورەدین (2001).دوژمن و نەخۆشییەکانی هەنگ، کشتوکاڵ (گۆڤار)، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، هەولێر، ژ(9).

بەرزنجی و عەبدولخالیق، د. عزەدین و سالار(2001). چۆنیەتی پەروەردەکردنی بەرخ لە کوردستانی عیراقدا، کشتوکاڵ (گۆڤار)، هەولێر، ژ(9).

عوبید، ئازاد (کانونی یەکەم 1997). پرۆژەی پەروەردەی مانگا، کشتوکاڵ (گۆڤار)، ژ (1)،

خدر، خورشید (2002). مەڕداری لە کوردستان، کشتوکاڵ (گۆڤار)، ژ(14).

خدر، خورشید (2007). بزن.. مانگای هەژاران، کشتوکاڵ (گۆڤار)، هەولێر، ژ(30).

-زاگرۆس(نیسانی 1998)، بەڕێوەبەرایەتی بەیتەرەو سامانی ئاژەڵی هەولێر-لەمەودوا پرۆژە پەلەوەریەکان دەبوژێنینەوە، ئیوارە گولان(گۆڤار)، ژ(115).

صالح، ابراهیم مصطفی (کانونی یەکەمی 1998). انتاج الدواجن فی کوردستان فی القرار 986، کشتوکاڵ (گۆڤار)، هەولێر، ژ (5).

دیدار لەگەڵ: ابراهیم، ئازاد صابر، لەدایکبوی هەولێر 1965، پزیشکی ئاژەڵی، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤیتەرنەری ناوبراو لە ساڵانی نەوەدەکان وەك پزیشکی ئاژەڵی کاری کردوە لە پارێزگای هەولێر، لە 2021/10/12.

دیدار لەگەڵ : محمد، سمیر سلیم شیخ، لە دایکبوی 1963 هەولێر، فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی ڤێترنەری هەولێر، ناوبراو لە ساڵانی نەوەدەکان لەگەڵ ئەو تیمانە کاری کردوە کە بە هاوکاری ڕێکخراوە نێودەولەتیەکان خزمەتگوزاری پزیشکی وەك کوتانی ئاژەڵیان گرتبوە ئەستۆ لە ناوچەکانی پارێزگای هەولێر، لە 2021/11/15

دیدار لەگەڵ :

پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ عزیز، عزیز سێوك، لەدایکبوی هەریر 1955، ناوبراو لە ساڵانی هەشتاکانەوە تاوکو ئێستا خاوەنی پرۆژەی پەلەوەرییە لە ناوچەی هەریری پارێزگای هەولێر، لە 2023/7/13.

پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ شێروانی، عارف، لەدایکبوی 1968، بارزان، ناوبراو ماوەیەکی زۆرە هەنگەوانە پیشتریش لەگەڵ ڕێکخراوی فاو کاری کردوە، لە 2022/10/18.

پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خۆشناو، سلێمان اسعد، لەدایکبوی هەولێر 1963، بەڕێوەبەری بەشی سامانی ئاژەڵی پیرمام، ناوبراودەرچوی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی بەغدایە لە 1990، لە سالانی نەوەدەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری فەرمانبەر بوە، لە 2023/7/12.

**پەراوێز:**

HDIHڕێکخراوێکی خێرخوازی ئەلمانی بو لە کوردستان ژمارەیەك پرۆژەی کشتوکاڵی جیبەجێکرد یەکەم پرۆژەی لە 1995 بو کە پرۆژەی مریشکی هێلکەکەر بو لە هەولێر، بۆ زانیاری زیاتر بروانە : ئازاد عوبید، پرۆژەی پەروەردەی مانگا، گۆڤاری کشتوکاڵ، ژ (1)، کانونی یەکەم 1997، 47.